# دەبێ عەشق قەبری هەبێ

**زانا خەلیل**



دەیگوت: عەشق وەک مرۆڤێکی ئیمانداره
که مرد دەبێ قەبری هەبێ.
چارم نەما، دواجار ڕازیبووم بچین
گۆڕێ بۆ عەشقمان هەڵکەنین.
عەسرێکی ئەپریل لەسەر بەرزاییێ
گەڕاینەوە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا
ئەو بە ئێسکێ کە لە هی دەیناسوور دەچوو
منیش بە بەردێکی تیژ، ڕێک نووکی ڕم بوو
کەوتینە قەبر هەڵکەندن.

سەرەتا مراوییەکی زەردی پلاستیکی
خستە نێو گۆڕەکە
کە لە یەکەم دیدار بۆیم هەڵدا.
فلتەری یەکەم جگەرە
کە یەکەمین جار بە ئازادی
لە ماڵەکەیدا کێشام.
کراسێکم کە بۆنی پێستی منی دەدا.
دواتر ئەو دەیان بتڵە بەتاڵەی کحول
کە لە شوێنی جیا جیا خواردبوومانەوە و
کۆی کردبوونەوە.
دواجار نیو پاکەت جگەرە
کە نیوەمان کێشابوو
بەڵام وەستا،
نەیخستە ناو قەبرەکە
دوو جگەرەی داگیرساند
ئەوە یەکەم جاربوو لەسەر شتێ کۆک بین،
کێشامان.
لەسەر گۆڕەکە نزیک لە یەک وەستابووین
لە چاو و لێو و جەستەی یەکمان دەڕوانی
نازانم بۆ لێوەکانمان تێکەڵ بوون
ماچێکی دووروودرێژی تاڵمان کرد
کە لە هەموو ژیانمان شیرینتر بوو.

*

ئایندەی جەستە
دوو گیای ڕووت بووین
لەسەر قەرویڵەیێ
کە بە سەرچەفێکی تاریک داپۆشرابوو.
دوو –با–ی ڕووت بووین
لەسەر گردێکی تاریک
کە بە گیای ڕووت داپۆشرابوو.
قەرەویڵەیەکی ڕووت بووین
لەسەر گردێکی تاریک
کە بە –با–ی ڕووت داپۆشرابوو.

گیا و با و قەرەویڵەیەکی ڕووت بووین
بیرمان لە ئایندەی جەستەمان کردەوە و
گوتی: ڕۆح و جەستەم موڵکتن.
سەرم لەسەر سینەی ڕووتی بوو
کاتێ گوتم: ئایندەی جەستەمان
سەبەتەیێ ئێسکوپڕووسکە
تەنیا دەتوانێ لەناو خۆڵدا
وەک خۆڵەمێش بدرەوشێتەوە.